# ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە
# بۆ خۆپارێزیی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا
# لە قوتابخانەکاندا



1992
حکومەتی هەرێمی کوردستان
حکومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
١٩٩٢

# ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە
# بۆ دایکان و باوکانی ئازیز



- هاندانی منداڵەکانتان بۆ ڕەچاوکردنی مەرجە تەندروستییەکان و **بەستنی ماسک** بە بەردەوامی لە قوتابخانە.



- ڕێنمایی کردنی منداڵەکانتان بۆ گردنەبوونەوە و **دەستبەجێ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە** پاش کۆتایی هاتنی وانەکانیان.




- ئامادەکردنی **ئاوی خواردنەوە و خواردن** لە ماڵەوە بۆ منداڵەکانتان.



- لە کاتی **هەبوونی نیشانەکانی** هەر نەخۆشییەک، منداڵەکانتان ڕەوانەی بنکەی تەندروستی تایبەت بکەن بۆ پشکنین و مەیان نێرنەوە بۆ قوتابخانە.


# ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا تایبەت بە قوتابخانەکان بۆ مامۆستا و کارگێڕی قوتابخانە



- پێویستە هەموو مامۆستا و قوتابی و خوێندکارێک ماسک ببەستن.



- هەموو قوتابی و خوێندکارێک پشکنینی پلەی گەرمی بۆ دەکرێت لە کاتی هاتنی بۆ قوتابخانە، لە حاڵەتی بەرزیی پلەی گەرمی جەستەی، بە زووترین کات دەنێردرێتە دامەزراوە تەندروستییەکان بۆ پشکنین.




- لە ناو پۆل دووری نێوان دوو قوتابی یا خوێندکار بە هەموو ئاڕاستەکان نابێت لە ١,٥ مەتر کەمتر بێت.



- پێویستە پۆلەکان و هۆڵەکانی خوێندن و تاقیگەکان لانی کەم ڕۆژانە ٣ جار هەوا گۆڕکێیان بۆ بکرێت.


# ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا تایبەت بە قوتابخانەکان بۆ مامۆستا و کارگێڕی قوتابخانە



- نابێت هیچ جۆرە **کۆبوونەوە** و **چالاکییەکی** بە کۆمەڵ یان گردبوونەوەی قوتابیان و خوێندکاران لە ناوەندەکانی خوێندن هەبێت.



- کارگێڕی قوتابخانە ڕیزی هاتن و ڕۆشتنی قوتابیان و خوێندکاران ڕێکدەخەن بە جۆرێک **هیچ جۆرە نزیک بوونەوەیەک** لە نێوانیان نەبێت.



- **دانانی سەبەتەی خۆڵی تایبەت** بە کۆکردنەوە و فڕێدانی ماسکی بەکارهاتوو و فڕێنەدانیان لەسەر زەوی و گۆڕەپانی قوتابخانە.



- **داخستنی کافتریا و حانوت و گۆڕەپانی یاریکردن و شوێنی کۆبوونەوەی** قوتابیان و خوێندکاران.

1992 حکومەتی هەرێمی کوردستان
حكومة إقليم كوردستان ١٩٩٢
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT